لە یادی شۆڕشی ئەیلوولدا، سڵاو بۆ گیانی نەمری کاک ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیاد دەنێرین

ئەیلوولیەکان فێری خۆڕاگرییان کردین

حسين جاف

هەموو گەل و نەتەوەیەک شانازی بە خەبات و تێکۆشانی سەرکردەو شۆڕشەکانیان دەکەن، ئێمەش، یەکێکین لەو گەل و نەتەوانە، بە درێژایی شۆڕشەکانمان لەگەڵ داگیرکەرانی جیهان و داگیرکەرانی سەپاوبەسەر خاک و نیشتمانەکەماندا.

بۆیە شۆڕش هەوڵ و تێکۆشانە، بەبیرو باوەڕێکی سەردەمیانەی گونجاو بۆبەدەستهێنانی واقیعێکی شۆڕشگێڕانەو ڕزگاربوون لە کابووسی داگیرکاری بۆ واقیعێکی ئازاد و پارێزەری ماف و ئازادییە نەتەوەیی و کەلتوورییەکان.

کاتێک باسی بەرخودانی گەلی کوردستان دەکەین، بۆ شۆڕشی بەردەوام و خەباتی ئازادی خوزای سەردەمیانە، یەکسەر باسی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن دەکەین بەڕێبەرایەتی بارزانی باوک.

لەهەل و مەرجی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە بدوێین، ڕاستەوڕاست دەزانین لەو هەلومەرجە چەق بەستووی سیاسەتی دوو جەمسەری زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا... زۆر گران بوو بتوانرێ لەو سەردەمەی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا، کورد بتوانێ خەباتی بکات و دوژمنە داگیرکەرەکەشی وا لێ بکات دان بە ئازادی یەکانیدا بنێ و ڕابکێشرێتە سەر مێزی گفتوگۆ کاتێک سەیری دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەین لەسەرەتای دروست بوونی عێراقی کۆمارییەوە ئاسۆیەکی نوێ کاتێ بۆ عێراقییەکان و کورد هاتە ئاراوە هەرئەوەشبووو وایکرد کە بارزانی و هاوەڵانی لە سۆڤیەتی جاران بگەڕێنەوە و لەشاری بەسرا پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا لەلایەن عەرەبی ئێراقی و کورد و نەتەوەکانی تر کە بۆ ئەو پێش وازییە چووبوونە شاری بەسرە.

بارزانی ئەوەندە کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئەو کاتە هەبوو، بۆیەکەم جار کە دەستووری ئێراق نووسرایەوە توانی ئەوە بسەپێنێ کە کوردو عەرەب هاوبەشن لە ئێراقدا. کاتێ جەماوەرێکی زۆر و دواجار بەشێکی زۆر کەسایەتیەکانی کوردستان چوونە بەغدا بۆ خزمەتی بارزانی و داوایان لێ کرد کە بگەڕێتەوە کوردستان دوای دروستکردنی روی متمانە لە نێوان بارزانی باوک و قاسم دا، بارزانی گەڕایەوە کوردستان.

دیارە ئەو ماوە کەمەی کەلەساڵی 1958-1961 ئێراق بەشێوەیکی ئارام تێپەڕی بەڵام لەبەر ناوخۆ هەبوو... ئەمانە بەردەوام بون تا 1961/9/11 لەم ڕۆژە مێژووییەدا شۆڕشگێڕانی کوردستان بەرەنگاری داگیرکەران بوونەوە لەدەربەندی بازیان و دەربەندیخان بەمە کێشە کەوتە نێوان دەوڵەت و شۆڕشی کوردستانەوە بەڕابەرایەتی باوکی کورد بارزانی نەمر بەردەوامیەتی هێزی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان بەردەوام بوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەبەشداری جەماوەری کوردستان گەیشتوو پەنای شۆڕش بوون لەدوژمنیان دەدا.. تا ڕژێم ناچار بوو لە ساڵی 1962 شەڕ رابگرێ و دان بەلامەرکەزیدا بنێ بۆ کوردستان هەرچەند ڕژێم لەهەوڵی ئەوەدابوو لەڕێگەی وتوێژەکان مەرامە داگیر کارییەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە هەمان کاتدا گیانی بەرگری و فیداکاری کوردستان بۆ شۆڕشەکەیان ڕۆژبەڕۆژ لەزیاد بووندابوو، تا ئازادی ئێراق لە ساڵی 2003.

یەکێک لەو شتانەی کە هەموو پارتییەک دەبێ شانازی پێوە بکات ئەوەی، لە کوردستاندا هەرچی بەدەست هاتبێ لەمێژووی جوڵانەوەی ئازادی دا، لەلایەنی پارتیمانەوە بەدەستهاتووە هەر لە پاراستنی حەقە دەستوورییەکان لە بوونی ئێراقی بە کۆمارییەوە تا لامەرکەزی و دواجار لەساڵی 1970/3/11 بەیانی ئازار دەرچوو کە بەڕەسمی دانانی بە مافی ئۆتۆنۆمی دانا بۆ کوردستان.

جگە لە مافە دەستووری و مافە نەتەوایەتیەمان شۆڕشی ئەیلوول توانی ڕۆژنامەی بەردەوام دەربکات، لەگەڵ گۆڤارێکی وەرزی بە ناوی (کادر) جگە لە نامیلکەو گۆڤاری ساڵانە کە بوونە هۆی ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کوردستان و هەر لە سەردەمی ئەم شۆڕشە مەزنەدا بوو یەکیەتیەکانی نووسەران و مامۆستایان و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و یەکێتی زانایانی... هتد دروستکران لەساڵی 1970-1975 جگە لەبوونی وەزیر لە بەغداو شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک ئیدارەی بەڕێوەبردنیان لەلایەن پارتیمانەوە بەڕێوەدەبراو، بەشاهیدی ئەوکاتەی حکوومەتی مەرکەزی و جەماوەرەکەشمان، ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بوو. کە شەڕیش خۆی سەپاندو ئاشتی لەلای داگیرکەرانی وەخت کوشت بوو بۆخۆ بەهێزکردن، جگە لەو (اغراء) کردنەی ڕژێمی بەعس بۆ کاڵکردنەوەو بێ هێزکردنی نەفەسی کورد لە کوردستان و هەموو کورد لە ژێر یەک سەرکردەدا کۆبوونەوە، بەبەرنامەیەکی سەردەمیانەی گونجاو کە تا ئێستاش باشترین سیستەمی خزمەتکردنە بە تەواوی گەلان ئەویش بە دیموکراتیەت کردنی کۆمەڵگای ئێراقە بارزانی باوک بۆ بەدەست هێنانی ئازادی بۆ ئێراقییەکان تا بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی یەکانە چەترێکی گەورە بوو هەموو لایەکی تێدا جێی دەبووە ئەوا ئازادی بیرکردنەوەیەکی شۆڕشەکەمانی تەنیا دروشم نەبوون، ئەگەر سەیری ساڵانی شۆڕش بکەین دەزانی چەند ئەحزاب لە ئێراق هەبوون کە ناچار دەکران دەهاتنە کوردستان و بارەگاکانیان لە کوردستان دەکردەوە. ئەمەش بەردەوام بوو

بەردەوامیەتی کێشمەکێشمەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بۆ ناجێگیری ئێراق لە ناو دەسەڵاتدارانی ئێراقدا هەمیشە لە دروستکردنی پیلان دابوون بوونی ئەو هەموو ئەگەرانە و ئامادەی ئێراقییەکان وایکرد کە کێشەی نێوان کوردو دەسەڵاتی ئێراق بخەنە کێشەو بۆئەوەی بتوانن لەناو خۆی ئێراق جێپێی خۆیان بەهێز بکەن.. هەر بۆیە دەسەڵاتی سەربازی کەوتە گرتن و ڕاونانی ئەو کوردانە لەسەربازگەکاندا پلەداربوون جگەلە بۆردومانی دەست درێژکردنیان بۆ سەر گوندەکان، پیادەکردنی یاسای کشتوکاڵ لە کوردستان و گرتن و گواستنەوەی ئەو کوردانەی پلەی ئەفسەرییان لە وەزارەتی

لەساڵی 1970-1975 جگە لەبوونی وەزیر لە بەغداو شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک ئیدارەی بەڕێوەبردنیان لەلایەن پارتیمانەوە بەڕێوەدەبراو، بەشاهیدی ئەوکاتەی حکوومەتی مەرکەزی و جەماوەرەکەشمان، ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بوو.

شۆڕشەکەی، هیچی بۆ نەکرا، چونکە گەلی کوردباوەڕی تەواویان بەسەرکردایەتییەکەیان هەبوو بەڕابەرایەتی بارزانی باوک کەشەڕ دەستی پێ کردووە زۆربەی جەماوەری کوردستان لە ژێر دەستی ڕژێم هەڵهاتن و ژیانی ئەشکەوتوو نەهامەتی و تۆپبارانیان قبوڵکردو پاڵایان دا بەشۆڕشەوە.

لەوانەش مامۆستایانی زانکۆ و قوتابیەکانیان هەربۆیە زانکۆیان بۆ کرایەوە لە قەڵادزێ و ڕژێم ئەم بە بەرنامەبوونەی شۆڕشی پێ قبوڵ نەکراو کورد بەڕۆشنبیرکردنی گەلەکەی و ڕژێم بە ناپاڵم ی فرۆکە سیخۆکانی وەڵامی شۆڕشەکەمای دایەوە.

ڕاستە گیانی زۆر ڕۆشنبیرو هاووڵاتی کورد شەهید بوون، بەڵام گەورەترین دەنگ لەو سەردەمەدا دژی ڕژێم بەدرێژایی ئەو ساڵە لە 1974-1975 گەورەترین هێرشی کرایە سەر کوردستان و زۆرترین زیان بەر دوژمن کەوت تا ڕژێم ناچاربوو ڕێکەوتنی جەزائیری لە 1975/3/6 دژی نەتەوەو شۆڕشەکەمان بکات و 82 کم لە کەنداوی عەرەب لەگەڵ سێ دوورگە بداتە ئێراق بەمەبەستی داخستنی سنوورەکانی لە سەرمان.

گەرچی شۆڕش ماوەی کەمتر لە ساڵێ وەستا، بەڵام شۆڕشەکەمان دەوڵەمەندترین شۆڕشە لە مێژووی ئازادی خوازی جیهاندا کە توانیویەتی بەدرێژایی ئەوماوە زۆرە دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان ڕامان بکێشێ بۆ شەڕی عەرەب و کورد کە زۆریان کردبۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەن، بەڵام وردبینی و حیکمەتی بارزانی باوک لە هەموو پیلانەکانیان شکستیان هێنا بۆ لای کوردو کوردستانیان شۆڕشی ئەیلول فێری ڕۆڵەکانی کرد نەبەردو نەبەزین بۆ پاراستنی ماف و جێگیر کردنی دادوەری کۆمەڵایەتی.

شۆڕشی ئەیلوول و ئینتیمای نیشتیمانی

جوتیار حازم

ئینتیما بوون، بریتییە لە وەلائی مرۆڤ بۆ نیشتیمان و بۆ گەلەکەی، خۆشەویستی مرۆڤە بۆ وڵاتەکەی و شانازیکردن و قوربانیدانە لەپێناوی. ئەوە ئینتیمای نیشتیمانی تەواوی خەڵکی کوردستان بوو لە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی **1961**کە **49** ساڵ بەر لەئێستا، بەڕێبەرایەتی بارزانیی نەمر دوای گەڕانەوەی لەڕێڕەوە مێژووییەکەی لەگەڵ هەڤاڵانی لەسۆڤیەتەوە کەپتر لە **12** ساڵی خایاند. بەدرێژایی خەباتی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی، زۆربەی ئەو شۆڕشانەی تا پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول، لە ئینتیمای خەڵک بۆ خێزان و خێڵ و ناوچەگەری تێپەڕی نەکردبوو، هەربۆیە دەبینین، زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لەکوردستان زیاتر لەئاستی ناوچەیەکی دیاریکراودا بوونە. بۆیەش دوژمنان توانیویانە هەرزوو بەئاسانی لەناوی بەرن، بەڵام شۆڕشی مەزنی ئەیلول، کەدەڵێین مەزن، مەزنایەتیەکەی لەزۆر شتدا بووە، لە خەبات و کەسایەتی سەرۆکەکەی و سازش نەکردن لە شاری کەرکووک، مەزنایەتیەکەی لە حزبەکەی و لەبەرنامەی شۆڕش و ستراتیژ و دروشمە واقیعیەکانی شۆڕشەکە بووە، لەدەستکەوتەکانی بووە، کە بۆ یەکەم جار لە ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی **1970** لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە ئیعتیرافێکی ڕەسمی بە بوونی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی لەدەستووری ئێراقدا ئیقرار کرا، مەزنایەتیەکەی شۆڕشی ئەیلول لەوەدا بووە کە شۆڕشێکی سەرتاسەری بووە، تایبەت نەبووە تەنها بەناوچەیەک و ئاینێک و مەزهەبێک، مەزنایەتیەکەی لەوەدا بووە، ئەم شۆڕشە توانی لەکوردستان پەیوەندیەکانی خەڵک و وەلائی خەڵک لە تەنها بۆ خێزان و عەشیرەت و ناوچەیەک بگۆڕێ بۆ پەیوەندی کوردستانی و ئینتیمای نیشتیمانی، کوردستانیەتی ئەم شۆڕشە تەنها بەند نەبووە بە کوردستانی ئێراق، بەڵکو سەرتاپای کوردستانی گەورە و تەنانەت ئێراقی عەرەبیشی گرتبۆوە کە خەڵک لەپارچەکانی تری کوردستان و لەئێراق هەندێک لە عەرەبەکانیش پەیوەندیان بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، ئەم پەیوەندیەی خەڵک بەم ئەندازەیە بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە لەخۆڕاو بەبێ باگراوند و بەبێ هۆکار نەبووە، لەئینتیمای خەڵکەوە بووە بۆ شۆڕشەکە، ئەم ئینتیمایەش لەخۆیەوە و بەبێ هۆ نەبووە، بەڵکو چەندین فاکتەر بوونە هۆی ئینتیمابوونی نیشتیمانی و پەیوەندیکردنی هەموو چین و توێژ و پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستان بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوەو قوربانیدان لەپێناو ئامانجەکانی شۆڕشەوە. دەتوانین ئەو فاکتەرانە بەشێوەیەکی گشتی لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

1- بوونی سەرۆکێکی دادپەروەرو سادە و موتەوازیع و خاوەن فیکر وخەباتێکی پڕ لەسەروەری کە ببووە مایەی شانازی و بڕواو متمانەو میسداقیەت لەنێو جەماوەردا، ئەمەیش وایکرد خەڵک ئینتیمای بۆ نیشتیمانەکەی بەهێزتر بێت و پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکات و تا ئەو ئاستە ئامادە بێت کە بەبێ بەرامبەر قوربانی بەسەر و گیان و ماڵ و منداڵی بدات لەپێناو گەیشتنی شۆڕش بە ئامانجەکانی.

2- بوونی حزبێکی سیاسی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، کەهەر لە دروستبوونیەوە زەروورەتێکی مێژوویی بووە بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هزر و بیر و ئایدیا جیاوازەکان لەناو ڕێکخراوێکی سیاسی سەرتاسەری جەماوەریدا کە گوزارشت لەخواست و ئیرادەی زۆرترین جەماوەری کوردستان بکات.

3- ئەو غەدر و ستەمەی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لە کوردستانیان دەکرا و زەوتکردنی مافە نەتەوایەتیەکانیان، لەهەمبەر ئەوەشدا ڕەوایەتی و عەدالەتی خواستەکانی کورد ئەمەیش فاکتەرێکی دیکەی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ئینتیما بوون بوو.

4- بوونی بەرنامە و پلان و ستراتیژی خەبات و کارکردن لەشۆڕشی ئەیلوولدا و بەرقەراربوونی عەدالەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەست نەکردن بە جیاوازی چینایەتی، ئەمەیش فاکتەرێکی دیکەی بەهێز بوونی ئینتیمای نیشتیمانی بوو.

پێشمەرگە بەخۆبەخشانە بەبیرباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە و دوور لەبەرژەوەندی شەخسی، قوربانی بە خۆی و بەماڵ و منداڵی دەدا لەپێناو ئەو ئامانجانەی کەشۆڕشی ئەیلوول خەباتی بۆ دەکرد. مامۆستایان، نەیاندەهێشت پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بوەستێت و بێ بەرامبەر لە ئەشکەفت و لەو ناوچە ڕزگارکراوانەی سنوری دەسەڵاتی شۆڕش وانەیان دەداوە، زانایانی ئایینی ئەو ڕاستیە ئایینیەیان لەخەڵکی دەگەیاند، بەرگری نەکردن لەنیشتیمان مانای دەرچوونە لەفەرمانی خودا، هەروەها دادگای باڵای شۆڕش، تەنها تایبەت نەبوو بە پاراستنی شۆڕش، بەڵکو بەکردەیی دادپەروەری دەنواند و زۆرجار لەپێشمەرگەکانی ئەیلوول دەبیستین کە دەڵێن: هەر لەزاخۆوە تا خانەقین چما پیاو هەبوو دەستدرێژی بکاتە سەر مافی کەسێکی تر، گەر کێشەکە بکەوتبایە بەردەم دادگای باڵای شۆڕش، ئەم دادگایە، دەبوایە مافی مافخوراوان بەپێی یاسا و بەبێ ڕێگەدان بە تەدەخولی ئەم لاو ئەو لا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەری کێشەکەی دەکرا. ئافرەت لەو شۆڕشەدا ڕۆڵێکی ئیجگار مەزنی دەدیت، لە پشتگیری پێشمەرگە و هاندانی ڕۆڵەکان بۆ پەیوەندیکردن بەشۆڕشەوە، ماڵەکان لەو ناوچانەی کەلە ژێردەسەڵاتی شۆڕشەوە بوون، بۆ پێشمەرگە دەرگایان لەسەرپشت بوو، نانیان بۆ پێشمەرگە دەکرد. پێشمەرگە وەکو کوڕ وباوک و برا دەهاتە بەرچاو، ئەوەی لەهەمووی گرنگتر وەرگرتنی پۆست لەسەر بنەمای بیرو باوەڕو کەفائەت و توانا و خزمەتکردن بوو، نەک مەحسوبیەت و کوتلەبازی. بارزانی نەمر خەڵکی وا پەروەدە کرد بوو وەرگرتنی پۆست مانای خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی خەڵکە، نەک بەرژەوەندی شەخسی و دروستکردنی کۆشک و تەلار. خۆ جیانەکردنەوەی بارزانی نەمر لەجەماوەر و ئاوێتەبوونی بە ئێش و ئازار و گرفتەکانی خەڵک ئەمە لەسەرووی هەموو فاکتەرەکانەوە بوو بۆ بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ئینتیمای نیشتیمانی لەشۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا.